# پرۆژەی دەستوور، لێکترازاندنی زیاتری بەشەکانی کوردستان
# یان دادپەروەریی و یەکگرتنەوە

هیشام ئاکرەیی

پێشەکی:

وەک هەمووومان ئاگادارین ڕۆژی 22ی خەرمانان لێژنەیەکی تایبەت بە ناوی( لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق) کە لە 19 کەس پێک دێت پرۆژەی دەستووری بۆ هەرێمی باشووری کوردستان دارێشت و ئاراستەی پەرلەمان و گەلی کوردستانی کرد بۆ پێداچوونەوە و ئالوگۆڕکردن. منیش وەک تاکێکی کورد تێبینەیەکانی خۆم لەسەر ئەو ڕەشنووسە دەردەبڕم.

بە دیتنی بەندە، پرۆژەی هەر هەرێمێک، نەتەوەیەک یان بەشێک لە نەتەوە دەبێ هەندێ بنەما و پرنسیپ لەبەر چاو دابنێت و بەگوێرەی ئەو پرنسیپانە دەستوور ئامادەبکرێت. گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە باشووری کوردستان پێویستە لە بەرچاو بگیرین ئەمانەن:

_ کوردستان وەلاتێکی لەت لەت کراو، دابەشکراو و داگیرکراوە و دەبێ یەکبگرتەوە و ڕزگار بێت.
_ مافی گەلی کوردستانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و ئەوەش پەیوەندی بە جۆری حکومەتی لە بەغدا، ئەنقەرە، تەهران و دیمەشقەوە نییە، بەڵکوو ئەو حکومەتانە دادپەروەریش بن، مافی گەلی کوردستانە جیاببتەوە و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت.
_ کوردستان دەوری دوژمنە و دارشتنی دەستوورێکی دادوەرانە بۆ کوردستان پەیوەستە بە ڕادەی ئامادەبوونی کورد بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی و پێگەیشتنی بارودووخەکان.
_ هەرێمی باشووری کوردستان خۆی بە هەندی پروتۆکۆل و یاساوە گرێداوە، کە هێڵێکیان بۆ ئازادی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی خەڵکی کورد و کوردستانیان داناوە و زۆر زەحمەتە ئەو هێڵە ببەزێنی. وەک (دەستووری عێراق).
_ چەند نەتەوەیەکی تر لە کوردستاندا دەژین و پێویستە بە گوێرەی دادپەروەرترین سیستەم مافەکانیان دابین بکرێن لە دەستووری کوردستاندا، بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیان لە سنووری کوردستاندا پەسەند بکەن و کوردستان بە وەڵاتی خۆیان دابنێن نەک هاوپەیمان بم لەگەڵ داگیرکەران و دوژمنانی کورد.
_ خودی کورد چەند زاراوەی هەیە و لە چەند دەڤەرێک پێکهاتووە و پێویستە جێگای ئەمانە لەناو دەستووردا بپارێزرێت و ناویان بهێنرێت، ئەوەش نەک تەنیا لەبەر خاتریان بەڵکوو تاوەکوو گەلانی دراوسێش بزانن کورد لە کام خەڵک و تیر پێک دێت.
_ دەستوور تەنیا عەقدێکە لە نێوان دانیشتوانی هەرێم بۆ ڕێکخشتنی ژیان و زانینی ماف و ئەرکەکانیان و لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا پەیوەندیەکانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ ڕێک دەخات.
– هاوڵاتیانی کوردستان یەکسانن بۆیە دەبێ لە ماف و ئەرکەکانیشیاندا یە کسان بن.
– یەکسانی ژنان و پیاوان و وەک هەڤی پرنسیپێکی نێونەتەوەییە و پێویستە لە دەستووردا ڕەچاوبکرێت.
– دیموکراسی شێوەیەکی سەردەمی بەڕێوەبردنە تیایدا حوکومڕان و ڕگەبەر مافیان بە گوێرەی دەستوور دەپارێزرێت.
– بوون بە زۆرینە لە وڵاتێکدا دەستکەوت نییە، و کەمایەتیەکانیش هەمان مافیان هەیە لە سیستەمی دیموکراسیدا و پێویستە بپارێزرێت و ڕەچاوبکرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، با سەیری دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان بکەین، ئایە ئەو چەند پرنسیپە سەرەتاییانەی دانانی دەستوور ڕەچاوکردوە یان نا؟؟؟

دیباجە

دیباجە لە هەموو دەستوورەکاندا وەک پێشەکیەکی پێویست بۆ ناساندنی مێژوو، بەسەرهاتە گرنگەکان و تایبەتمەندیەکانی ئەو گەل و جێگایە تەرخان دەکرێت، کە ناتوانرێت لە بەشی یاسایی دەستووردا باس لێیانەوە بکرێت.

لە ڕێزی یەکەمی دیباجەدا باسی (گەل) کراوە... لە وێدا تەنیا باسی گەلی باشووری کوردستان کراوە (ئێمە، گەلی کوردستان- عێراق، ئەو گەلەی بە دەیان ساڵ ستەم وزۆرداریی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەی چەشتووە....) بەهێچ شێوەیەک باسی گەلی کوردستانی گەورە نەکراوە. پێویست بوو لە سەرەتادا باسی پارچەپارجە کردنی کوردستان کرابا و پاشان باسی باشووری کوردستان کردبا.. لەم خاڵەدا دەتوانین بڵێین پەیوەندی مێژوویی گەلی کوردستانیان دابڕیوە لە گەڵ یەکتری. پاشان کە باسی ڕێکەوتنەکانی سیڤەر و لۆزان دەکرێت لەویش تەنیا باسی گەلی (کوردستان–عێراق) دەکات نەک باسی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی.

لە بەشێکی تردا هاتووە (بە پێچەوانەی ئەو گەلانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سوودمەندبوون پشت بە چواردە بنەماکەی سەرۆکی ئەمریکی ئەودەم "ویدرۆ نیلسۆن"، لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی داماڵان) لە دستووردا زیاتر باس لە بەڵێننامەکان و ڕێکەوتننامەکانی جیهانی یان حۆجپیی دەکرێت. دەکرا باسی ڕێکەوتننامەکانی شەڕی جیهانی دووەم بکرێت نەک ناوی سەرۆکی ئەمریکی لە دەستووردا بهێنرێت. بە دیتنی بەندە ئەوە تەنیا بۆ ڕەزامەندی ئەمریکا کراوە و لە حاڵەتی عێراقدا زیانی زیاترە.

هەر لە دیبجەدا هاتووە (کاتێکیش لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمکاری نەتەوەکان ـ عسبە الامم ـ بۆی دەرکەوت کەوا کوردستانی باشوور، کەلەدواتردا بە کوردستانی عێراق ناوبرا، رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەرەبی) لەم بەشەدا ناوی (کوردستانی باشوور) بە کارهێنراوە لە جیاتی (باشووری کوردستان) لە کاتێکدا دەقێکی تەرجومەکراو نییە تاوەکوو بەو شێوەیە بنووسرێت.
لە دوای ئەوە هاتووە (سەرەڕای ئەمەش بێ راوەرگرتن وراپرسی ئێمە ولەبەر هەندێ بەرژەوەندی نێودەولەتی، کوردستانیان بە عێراقی عەرەبیەوە لکاند.) لێرەدا وشەی (کوردستان) لە جیاتی (باشووری کوردستان) بەکارهێنراوە چونکە ئەوە باشووری کوردستانە بە عێراقەوە لێکێنراو نەک هەموو کوردستان.

تێبینی تر: دیباجە وشەیەکی عەرەبییە و وەک خۆی ماوەتەوە، هەروەها دیباجە زۆر درێژە و چڕ و پڕ نییە بە لکوو بە زمانێکی ساکار نووسراوە لە هەردوو بەشی عەرەبی و کوردیدا.

**بنەما سەرەکیەکان**

**بە دیتنی بەندە دەبێ لە سەرتادا باسی ناوی هەرێم کرابا... و لەم ڕەشنووسەدا چەندین ناو بەکارهێنراون و ناوی هەرە سەرەکی (کوردستان-عێراق)ە. تەنیا ناو کە بەکار نەهێنراوە ( باشووری کوردستان)ە کە بە دیتنی بەندە پێویستە ناوی هەرێم ببێتە ( هەرێمی باشوور کوردستان) تاوەکوو ناوەکە بە کوردستانە بلکێنرێت نەک بە عێراقەوە. بە کارهێنانی ناوی (کوردستان-عێراق) دابڕاندنی باشووری کوردستانە لە کوردستانی گەورە. وەکوو تر لە هیچ دەڤەرێکی دونیادا ئەم جۆرە ناوە لێکدراوە بە کار نەهێنراوە... بۆ نموونە هەرێمی (باسک) لە ئیسپانیا، ناوی هەرێمی (باسک) ە نەک (باسک –ئسپانیا) هەروەها ناوی ویلایەتی تێکساس لە ئەمریکا ناوی (تێکساس) ە نەک (تێکساس-ئەمریکا). هەتتا لە ئێران ناوی (ئوستانی کوردستان) بەکارهێنراوە نەک (کوردستان-ئێران). بۆ هەرێمی باشووری کوردستان دەتوانرێت ئەم دوو پێشنیارە هەبن ( هەرێمی باشووری کوردستان) یان (هەرێمی کوردستان) .**

**مادەی یەکەم:**

**لەم ماددەیەدا هاتووە (هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی (فیدرالە) لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا،...) لێرەدا (هەرێمی کوردستان) بە کارهێنراوە لە کاتێکدا لە ماددەی دووەمدا دەڵێت (کوردستان-عێراق، لە پارێزگای دهۆك، بە سنووری کاگێڕیی ئێستای وسنووری...) لە وێدا ناوی (هەرێمی کوردستان) کراوە (کوردستان-عێراق) لە کاتێکدا دەبێت لە دەستووردا هەمان ناو بەکاربهێنرێت.**

**ماددەی دووەم:**

**لەم ماددەیەدا باسی سنووری باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت (کوردستان-عێراق، لە پارێزگای دهۆك، بە سنووری کاگێڕیی ئێستای وسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968ی پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو قەزاکانی ئاکری و شێخان و شەنگارو تەلەعفەرو تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەی زومار وباشیقە وئاسکی کەڵەك، لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی، لە پارێزگای دیالەو قەزای بەدرەو ناحیەی جەسسان لە پارێزگای واسیت بەسنووری کارگێڕیی ساڵی 1968، پێکدێت.) لێرەدا باسی چەند شار و شاروچگەیەک نەکراوە وەک سەعدیە و جەلولا و هەر هیچ نەبێت ئەم بەرەی شاری مۆسڵ ..**

**لە خاڵی 3ی ئەم ماددەیەدا هاتووە (سێیەم: ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دابڕێندراوون، هەر کاتی بەپێی حوکمی ماددە (140)ی دەستوری فیدراڵی گەڕاندرانەوە بۆی، ئەو کاتە وەکو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان سوودمەند دەبن بە یەکسانیی لەو ماف و ئەرك وئەو دەستەبەریانەی لەم دەستوورەدا دەقنووس کراوون.) لەم خاڵەدا ماددەی 140 کراوەتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی سنورەکانی باشووری کوردستان، لە کاتکدا دەبێ پێوەرەکانی مێژوویی و نەتەویی بکرێنە بنەما. تەنیا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان پەنا بۆ برگەی 140 ی دەستووری عێراق ببرێت.**

**مادەی سێیەم:**

**لەم ماددەیەدا هاتووە (نابێ هەرێمێکی نوی لەناو سنووری هەرێمی کوردستان-عیراقدا، دروست بکرێت) ئەم خاڵە کاردانەوەی گەلێ خراپی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان. بۆ کورد مافی فێدرالی دەبێت بەڵام نەتەوەیەکی تر نەی بێت ، ئەگەر بتوانێت هەرێم دروست بکات و بنەما سەرەکیەکانی دروستکردنی هەرێمیان هەبێت؟؟. لێرەدا لەوانەیە پارێزگاکانی کوردستانیش بیانەوێت بەشێوەیەکی فێدرالی بەیەکەوە**

گرێبدرێن. بەدیتنی بەندە ئەم خاڵە دەبوایە بوو داهاتوو بە جێ بهشتایە و بە هیچ شێوەیەک لە ناو دەستووردا باسی لێوە نەکرابا، لەم خاڵەدا پێویستە ئەم دەقە پێشنیاردەکەم (پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە هەرێمێکی فێدڕاڵ پێک دێنن و سنووری ئێدرای پارێزگاکان بە یاسا دەست نیشان دەکرێن و هەر پارێزگایەک یە کینەیەکی یەکگرتووە و کۆی دانیشتوانی چارەنووسی خۆیان دەستنیشان دەکەن) .

ماددەی شەشەم:

لەم ماددەیەدا هاتووە (یەکەم: گەلی کوردستان-عیراق پێك هاتووە لە کوردو نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب) لەوانەی بە پێی یاسا، هاوڵاتی هەرێمن..) لێرەدا پێویست دەکرا ناوی سریانیەکانیش بهێنرایە و بەم شێوەیە ( گەلی باشووری کوردستان لە کورد ( بە فەیلی، ئێزدی، شەبەک) وە و نەتەوەکانی دی ( تورکمان، ئاشووری، کلدان، سریانی، ئەرمەن و عەرەب) پێک دێت لەوانەی کە بە پێی یاسا هاوڵاتی هەرێمن). لەوانەیە ئێزدی و سەبەک و فەیلیەکانیش پیان خۆش بێت ناویان بهێنرێت. ئەوە بە هیچ شێوەیەک مانانی لەتلەت بوونی کورد نییە.

ماددەی حەوتەم:

لەم ماددەیەدا باسی کاکەییەکان نەکراوە و پێوستە ناویان لە گەڵ ئێزدی و مەسیحیەکان بهنرێت.

ماددەی هەشتەم:

لەم ماددەیەدا باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکرێت و بەم شێوەیە (گەلی کوردستان- عێراق مافی دیارکردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە... ، یەکگرتنی ئازادانەی لەگەڵ عێراقدا بە گەل و خاك وسەروەری هەڵبژاردووە، ئەمەش بەستراوە بە پابەندبوون بە دەستوری فیدراڵی .... وبۆی هەیە چاو بگێرێتەوە بەم هەڵبژاردنەی، بۆ دیارکردنی پاشەڕۆژ و پێگەی سیاسی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا:

یەکەم: پێشێلکردنی شکۆمەندیی دەستوری فیدراڵی....

دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی و گۆڕینی باری دیموگرافی کوردستان.... لە ماددەی 140ی دەستوری فیدراڵیدا هاتوون، دابنرێت).

لێرەدا مافی چارەی خۆنووسینی کوردستان بە فێدراڵی و ماددەی 140 و دیموکراسیەوە گرێدراوە. بەو مانایە ئەگەر عێراق فێدڕاڵی و دادپەروەر و دیموکراسی بێت ئەوە خەڵکی باشووری کوردستان لە عێراق جیانابێتەوە. بە دێتنی بەندە مافی چارەی خۆنووسین بەهیچ شێوەیەک نابێ بەشێوەی حوکمی عێراقەوە گرێ بدرێت بەڵکوو دەبێ وەک مافێکی هەر گەلێک بەکار بهێنرێت. بۆیە دەبێ لە ماددەی هەشتەمدا بە ڕاشکاوی باسی ئەو بکرێت ( گەلی کوردستان وەک هەموو گەلانی تری دونیا مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و هەر 10 ساڵ جارێک دەنگ لەسەر ئەوە دەدات لەناو عێراقدا بمێنتەوە یان هەر هەڵژاردەیەکی (خیار) تری گونجاو وەربگرێت).

ماددەی یانزدەم:

لەم ماددەیدا باسی پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەڵێت (**شاری هەولێر، پایتەختی کوردستان-عیراقە، پەرلەمانیش بۆی هەیە شارێکی دیکەی هەرێم بکاتە پایتەخت.)** لێرەدا لە بەشی عەرەبیدا هەولێر بە (اربیل) ناو براوە.. بە دیتنی بەندە (اربیل) ناوی تەعریبکراوی شاری (هەولێر)ە بۆیە پێویستە لە عەرەبیشدا هەر بە هەولێر ناوببرێت نەک (اربیل).

دەروازەی دووەم

مافە مەدەنی و سیاسیەکان

لێرەدا خاڵێکی هەر گرنگ لە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا باسی لێوە نەکراوە ئەویش ( مافی هەر هاوڵاتیەکە بە هەموو دیکومێنت و بەڵگەنامەکانی حکومی و ڕەسمیەکاندا بچێتەوە تەنیا ئەوانە نەبن کە بەیاسا نهێنین) لە وەڵاتانی دیموکراسیدا بۆ هەر هاوڵاتیەک و ڕۆژنامەوانێک هەیە بە بەڵگەنامەکاندا بچێتەوە ئەوانەی بە یاسا ئاشکران.

ماددەی بیستویەک:

**لەم ماددەیەدا باسی ئافرەت دەکرێت، و دەڵێت ( ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاو ونابێ جیاوازی لە دژی بکرێت وحکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسیانەی.....) .** لێرەدا باسی یەکسانی کراوە بەڵام پێویستە بە ئاشکرا باسی ئەوە بکرێت یەکسانی مانای چییە و چوون جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەت لە جێگای کاردا. بۆ نموونە پێویستە بوترێت ( دەبێ دەزگا حکومی و ناحکومیەکان ڕەچاوی یەکسانی بکەن لە تەعیین کردنی فەرمانبەران و کرێکاراندا) . خاڵی گرنگی تر لێرەدا کە پێویستە زیاد بکرێت ئەوەیە کە ( هەر یاسایەک یان فەرمووەدەیەک دژی یەکسانی پیاوان و ژنان بێت کار پێیان ناکرێت). هەروەها وشەی (ژن) باشترە لە ئافرەت لە ڕووی زمانەوانی و ڕەسەنایەتی کوردیەوە. دوور لە ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنانی پارتی و یەکێتی.

ماددەی بستوسێ:

**لێرەدا هاتووە، (دووەم: لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردسان-عیراق وئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە 25% ی کورسیەکان کەمتر نەبێت.)** ئەم خاڵە بە پێچەوانەی ئەو یەکسانیەیە کە باس لێوە کراوە لە ماددەی **21**یەکدا بۆیە دەبێ ئەم ماددەیە بەرفراوانتر بکرێت و ئەم دەقە زیاد بکرێت ( بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی نێوان ژنان و پیاواندا هەوڵ دەدەرێت ڕێژەی بەشداری ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا یەکسان بێت).

ماددەی هەفتاوچوار:

**(ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادی خوازی کوردی و شۆڕش و شەهیدەکانی و پاراستنی شکۆمەندی کەس و کاریان و پێشمەرگە دێرینەکان و خەباتگێران و بەشداربووان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر حکومەت و هاوڵاتیانی کوردستان).** لێرەدا تەنیا باسی شەهیدانی بزاڤی ئازادی خورازی کورد دەکرێت، پێویستە بوترێت ( شەهیدانی کوردستان) بۆ ئەوەی نەتەوەکانی تریش بگرتەوە. خاڵی تری گرنگ مەسەلەی بەرز ڕاگرتنی سیمبۆلەکانە. لەوانەیە بتوانرێت ڕێزگرتن بکرێتە خاڵێکی جەبری بەڵام بەرزڕاگرتن (تەخلید) کارێکی کەسایەتییە و ناکرێت ببێتە ئەرک بۆیە پێویستە وشەی ڕێزڕاکرتن (تەخلید) لاببرێت.

**ماددەی: 100**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە دەنگدانی نهێنی گشتی ڕاستەوخۆ، لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت.**

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە، لەوانەیە کێشەیەکی گەورە لێ دروست ببێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانی حکومەتدا. چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێمی سەر بە لایەنێکی سیاسی بێت و سەرۆک وەزیران سەر بە لایەنێکی تری سیاسی، ئەو کاتە کارەکانی حکومەت ڕادەوەستن. تەنیا لەو ولاّتانەدا ئەو سیستەمە سەرکەوتووە، کە یان دەسەلاّتەکانی سەرۆک کۆمار کەم بن یانیش زۆر دەسەلاّتی هەبێت و لە حاڵەتی دووەمدا سەرۆک زیاتر وەک نوێنەری ئەو ولاّتە کار دەکات. پێویستە ئەو لایەنەی لە پەرلەماندا زۆرینە بە دەست دێنێت، سەرۆک کۆماریش هەر سەر بەو لایەنە بێت، یان سەرۆک کۆمار لە لایەن پەرلەمان و (ئەنجوومەنی باڵای نیشتیمانیی)ەوە دابنرێت، یانیش دەسەلاّتەکانی سەرۆکی هەرێم کەم بکرێنەوە و کەسی سەرۆک وەزیرانی هەرێم بەڕێوە ببات. لەو حاڵەتشدا پێویست ناکات سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ بێت.

بە هەمان شێوەی ناوی هەرێم کە بە زۆر شێوە وتراوە، ناوی هێزەکانی پاراستنی کوردستانیش بە چەندین جۆر هاتووە وەک ( پاسەوانانی هەرێم) (هێزی پاراستنی هەرێم) و (پێشمەرگە). پێویستە ئەو ناوانەش یەکبخرێن لە خاڵێکدا و بەم شێوەیە ( پێشمەرگە ناوی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستانە و بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەو ناوە بەکاردەهێنرێت).

لەم پێداچوونەوەدا بەهیچ شێوەیەک باسی ئەو خاڵانە نەکراوە کە لە سنووری دەسەلاّتی عێراقدان و لە دەستووری عێراقدا تەسبیتکراون و بۆ دەستووری هەرێم نییە زێدەڕۆیی لەسەریان بکات. هەروەها خاڵەکانی سەرەوە چەند تێبینیەکن لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمێک کە بە شێوەیەکی فێدراڵی بە عێراق لکێنرابێت.